# راگەیاندنی

# دەوڵەتی کوردستان

## خەونێکی دێرین، مافێکی رەوا


کوردستانی رۆژهەڵات:

**ئاگرین & سەیران مەهابادی**

E-mail: agrin _ k @yahoo. com


**١**

ـ رایان هێناوین لە رەهەندی تراژدیاوە، تەقەلا بۆ شوناس، کاڵای پڕ بە باڵای ئێمەیە؟

- شین وشەپۆر بۆ ناموادری، بەشێک-ی ئێجگار زۆری لە ئەدەبی نەتەوەیی مانی بە خۆیەوە تەرخان کردوو!

- کراسی پیرۆزی- یان کردۆتە بەر «خۆ بە کوشت دان» و وەک نیشانەیەک-ی هێزا چاوی لێ دەکەین!

- راومان دەنێن! دەمانکوژن! رێگەی بەندمان لەبەرە!

- ئەنفال کراین! کیمیا باران کراین! تیرۆر کراین. ئەم کۆمەڵە رستەی سیمای تراژدیک گرتووە، شەو لەگەڵمان دەنوون، رۆژ لەگەڵ مان هەڵدەستن، لە گەڵماندا دەژین، زەین و زمانی ئێمەیان کردۆتە هەواری هەرمانی خۆیان ...

- لە بەرانبەر، بۆوامان بە سەر دێنن، دڵی خۆمان ئەدەینەوە!

چونکە کوردین ، وڵاتەکەمان پارچە پارچە کراوە، دەوڵەتانی ناوچە ئامادە نین دان بە کەمترین وسەرەتایی ترین مافە کانماندا بنێن، کەس پشتیوانی-مان لێ ناکات ... هەی هاوار ... ئێمە کوردین! تاوانمان کورد بوونمانە!

- کەمتر لە بارەگای ئەم پرسیارەدا ئامادەی وڵامدانەوە دەبین: رەوڵی خۆمان – وەک کورد

– له ئافراندنی ئەو کەش و هەوایەدا چۆنە؟ بزوتنەوە حیزبی – ئایدئۆلۆژیکی یەکان، چەند زەبریان‌وە گیانی نەتەوە و خاکی مە گەیاندووە؟ خۆمان له جەغزێکی پیرۆزدا دەبینینەوە و یەکڕاست بەرەو پاتەختەکانی ناوچە بازئەدەین و بە شێوەیەکی ناراستە وخۆ حەزیکی ئەوپەڕهاوێژی دەبین.

**٢** شەڕی یەکەمی کەنداو، هەلێکی لە باری بۆ بزوتنەوەی حیزبی – چەکداری لە کوردستانی باشووردا رەخساند، ڕانیە دەروازەی خۆی بۆ ڕاپەرین کردەوە و پاشان پێشمەرگە لە شاخ-ەوە بەرەو شار گەڕانەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو، شەپۆلی هەستان و بیری داگیرکەرتارێنی هەمووشار و شارۆچکەی کوردستانی ئاگرینی گرتەوە و تەنانەت قوتابیانی مەکتەبی جاشیزم-یش هاتنەریزی شۆرش و خەباتەوە. بەرهەمی خەبات، ئازادی پارچەیەکی کوردستان بوولە بەهاری ١٩٩١ دا، زیاتر لە دە ساڵ ژیانی بێ داگیرکەری، گۆرەپانێک بوو تا بەیەکجاری تەواو هەڵەمیژوویی یەکانی خەباتی کوردی دووپات و سەد پاتە بێتەوە، براکوژی-یان لێ کردین بە پرۆژە!

کوردستان، لەبەر تیشکی ئازادی، دوورلە پەیماننامە وانەکانی لۆزان، قەسر شیرین، زەهاب و ... بو بە 5 پارچەوە.

ناسیۆنالیزمی کوردی غەریبانەترین رۆژەکانی – بە ناچاری – تەحەموڵ کرد! دیموکراسی، مافی مرۆڤ و ... هتد بووبە گەپجاڕی ناو چاخانە و پاتۆقی ئەندامە حیزبی‌یەکان.

بێ حورمەتانەترین کردەوەی دژی کەرامەتی نەتەوەیی‌مان پێ کرا، ئەوانەی تا دوێنێ هاوسەنگەر بوون، ئێستا یەکیان بوو جاشی ۶۶ و یەکیان جاشی ۹۶، لە ئاستی جیهانیش دا ترۆ بووین. ئەگەر دوێنێ غەدر ئەکرا بێگانە دەیکرد، ئەدی ئەمرۆچی؟!

زیاتر له هەمیشە رۆحی حیزبایەتی و عەشیرەتگەرایی هێزمەند کرا، قوربانی کردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی بوو بە ئەرکی رۆژانەی سەرجەم TV و رۆژنامە و ...هتد حیزبی‌یەکان، پەروەردە بە شیوەیەکی کانالیزە کراو بووبە هەڵگری خەونی حیزبی نەک نەتەوەیی.

کوردستانی باشوور لەباتی ئەوەی بێتە ئەزموونگەیەک بۆ نەوی نوێ، بووبە ئازارستانێک بۆ قەڵەمە ئازادەکان.

٣ هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، هەتا ڕووخانی رژێمی سەدام – نەک بەعسیزم- لە باتی ئەوەی سەرکردایەتی کورد، بە پێشمەرج و گەرەنتەوە بەرەو هاوکاری ئەوان ببات، زیاتر لە هەمیشە، رۆحی برایەتی درۆزنانەی کورد و عەرەبی، زیندووکردەوە، سەلاحەدین ، بوو بە هەواری برا عەرەبەکانمان! سەرکردایەتی کورد، - بە وێنا کرنیخۆیان – بە پرستیژێکی ئەخلاقی – دێموکراتی چاویان لە سەرجەم ڕووداوەکان کرد، شانازیان بوو بەوەی تاکە سەربازێکی ئەمریکی لە کوردستان دانەکوژراوە، کۆڵان و شەقامی وڵاتیان بە بەیداخی ئامریکا رازاندەوە، ئەوەندە بڕوایان بە عەرەبی پەروەرە بووی دەرلە عێراق و ئەمریکایی کرد، قەد ئەوەندە باوەڕیان بە یەکتر نەکردووە، دیسان دەرفەت بوو، سوتاندیان. بە چ بەهایەک، ئەوە دەبێت لە خۆیان بپرسی؟!

کارگەیشتە جێگایەک مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی – نامەیەکیان بۆ سەرۆک کۆماری ئەمریکا نووسی، کە پێمان وایە دەبێت لە ئارشیووی شەرمەزاری دا بپارێزرێ... ١٥٤٦ وەکو بڕیارنامەی «شورای هێمنایەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان» ژانی سەد لۆزان–ی تازە

٤ کردەوە ......

سەماوشایی «براعەرەبەکان» و شادمانی هاو پەیمانەکانیان لە بەردەم بڕیارنامەی ١٥٤٦ دا ئەوەی – دیسان – سەلماند: پان عەرەبیزم، قەد ئامادەنی‌یە دان بە مافی ڕەوای کورد دابنێ و پەیرەو کردنی بڕیارەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ –ی لە بەرنامەدانی‌یە، لە لایەکی دیکەشەوە، تورەبوونی رۆڵە وەفادار و ئەمەگ ناسەکانی نەتەوەمانی لێ شین بوو، گەرچی لە سەر ئەو باوەڕەین پانتایی تورەیی‌یەکەی زیاتر هەواری سەرکردایەتی کورد دەگرێتەوە ...

**<u>١٥٤٦ وداهاتووی کورد</u>**

بێ شک، چوونە دەرەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق و پراکتیزە کردنی برگە کانی ١٥٤٦، کوردستانی باشوور بۆ رابردوویەکی تراژدیک دەباتەوە و ئەودەم ئەمریکاش ئامادەنی بە هاوپەیمانی خۆی، لەگەل دەیان دەوڵەتی عەرەب – مۆسڵماندا، بۆ دابین کردنی مافی کورد بخاتە مەترسی‌یەوە، وردە وردە دەبێت کاک مەسعود و مام جەلال لەسەر ئیزنی، «برا عەرەبەکان» سنوور تێپەڕبکەن.

٥ چبکەن؟ واتە سەرکردایەتی کورد لەم بارو دۆخەدا دەبێت چبکات؟ گەرچی فیتوا دەرکردن و

ئـەمـرونەهـی کـردن - وەک رووناکـبیر – بـە کارێکی پەسەند نازانین، بەڵام بە هۆی بەستراوەیی چارەنووسی نەتەوەکەمان بە هەڵوێستی سەرکردایەتی ئەمرۆی کوردەوە بەلە بەرچاوگرتنی ئەم کۆمەڵە فاکتەرانە:

١- ریسوا بوونی تیرۆریزم.

٢- دەسەڵاتی زیاتر لە دەساڵەی – بە هەموو هەوراز و نشێوەکانی یەوە – کوردی.

٣- بەرجەستە بوونەوەی ناسێونالیزمی کوردی.

٤- تـێک چوونـی مۆعادیلاتـی تـیجاری – بازرگانـی دەوڵـەتان لە ژێر کاریگەری وە زەق بوونەوەی مافی مرۆڤدا.

٥- بەرەو کۆتایی چوونی کێشەی فەلەستین – ئیسرائیل

٦- دەرکەوتنی کورد لە جیهان.

٧- یەکێتی عاتیفی – میللی کورد.

٨- کەم هێز بوونی دەوڵەتە نادیموکراتییەکان.

٩- دەوڵەمەندی سامانی کوردستان

باشترین رێگا بەوەی دەزانین:

١- سـەرجـەم وەزیـر و جێگرە کوردەکان – بە زووترین کات – بەغدا بەرەو کورستان بە جێ بێڵن.

٢- پەرلمانی کوردستان کۆ بێتەوە و سەربەخۆیی کوردستانی باشوور راگەیەنێت.

٣- کـاک مـەسعود و مام جەلال لە سەر Kurdsat و Kurdistan TV، سەربەخۆیی بە دنیادا جار بـدەن و بـە پشـت بەستن بە بەڵگە جیهانی یەکانی مافی مرۆڤ پشتیوانی خۆیان لەسەربەخۆیی دەربـڕن و لە رێگـای TV–ە هـەرێمـی یـەکانیشـەوە لەگـەڵ کـورد بدوێـن، بـێ شک هەموو کوردستان دەڕۆن بە پیری بانگە وازیانەوە ... ناشیەوێ ئەوەندەی قوربان، سەدەقەی عەرەب و ئەمریکی بوون، قوربان، سەدەقەی نەتەوەکەی خۆیان بن.

٤- بـێ گومان، ئەم هەڵوێستە نەتەوەیی‌یەی سەرکردایەتی کورد، پشتیوانی کوردی ئەوروپا و ئـەمریکاشـی بـە دواوەیـە و ٤٠ ملـیۆن دەنگـی پـێ ئەدرێت و لە هەندەرانیش بە شێوەگەلی

مەدەنی، دیمو٘کراتی و دیپلو٘ماسی پشتیوانی لی٘ دەکری٘ت.

# ٦ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و هەڵوێستی دەوەڵەتان

## ٦-١) دەوڵەتی عەرەبی عێراق

ئەم وڵاتە عەرەب پەسەندە، لە کولەکەی تەڕیشدا ناوێرێت، بچووکترین دژایەتی دەگەڵ دەولەتی نەتەوەیی کورد دابکات، چونکە لە هێز و توانا وتورەیی جەماوەری کورد وە خەبەرە و نایەوێت دیسان لە عێراق دا شەڕ و ئاژاوە پێک بێت، خاسە ئەگەر ئەو شەڕە دۆخێکی بەرەیی «جبهەیی» هەبێت. ناشوێرێ لە ترسی پان عەرەبیزمی ڕۆژهەڵاتی ناوێن – مەڵبەندی نەوت و تیرۆر – بەرەسمیەتی بناسێت، لە ئاکام دا بێدەنگی – لە کردەوە – دەکاتە هەڵوێست.

## ٦-٢) دەوڵەتی عەرەبی سووریا

ئەمرۆ کە لە هەموو لایەک ئاشکرایە کە پرۆ گرامی نەفی کردنەوەی بەعسیزمی سووری لەحاندی نەتەوەی کورد، چەند شەرەمەزارانە پووچەڵی و بێ دەر ئەنجامی خۆی سەلماند.

تاوانباری سووریا بە پشتیوانی لە تیرۆریزم، شتێک –ی تازەنی یە.

بۆیە کەمترین دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتی کوردی دەبێتە ەوی ڕاپەڕینێکی هەمەلایەنەوە لە خودی سووریا و زیاتر لەوەش کاتێ دەوڵەتی عێراق بێدەنگ بێت ئەو دەم چیتر دژکردەوە یان ڕووبەڕووبونەوەی عەرەبی سووریا دەگەڵ دەوڵەتی کوردستان مەنتقی نانوێنێت، بۆیە بێدەنگی سووریاش، لە ئێستاوە، چاوەروان دەکرێت.

## ٦-٣) دەوڵەتی تورکیا

مێژووی شکست خواردووی میلیتاریزمی تورک، لە پشت دەرگای یەکیەتی ئەوروپامانەوەی تورکیا، قەیرانی ئابووری، سیاسی و مەدەنی ناو خۆی تورکیا، ژیانەوەی P.K.K و سەر هەڵدانەوەی شەڕی چریکی، هۆشیاری نەتەوەیی کورد، ئازادی لەیلا زانا و ...هتد لە لایەکی دیکە شەوە بێ باوەڕی تورک بە عەرەب و هەروەها چەندفاکتەرێکی دیکە، تورکیا بەرەو بێدەنگی و لە ئەنجامدا بەرەسمیەت ناسینی دەوڵەتی کوردستان دەبات.

## ٦-٤) دەوڵەتی ئێران

تاران چاک دەزانێت قەد عەرەبی سونە دۆستیکی باش نەبوون و لە مێژووی چەوساندنەوەی

شیعەکان وە خەبەرە، سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵە خاڵی هاوبەشی کولتوری – مێژوویی لە ناو ئێرانی و کورددا، وەک فاکتەرێکی بەهێز لە بارەگای دەوڵەتی تاراندا خۆی دەنوێنی، ئەمجارەش دەوڵەتی کوردستان دەتوانێت، سەرەتایەک بێت بۆ پێکهاتنی دەوڵەتێکی شیعەش لە عێراق دا، بۆیە بەرژوەندی ئێران لە بەرەسمیەت ناسینی دەوڵەتی کوردستاندایە نەک رووبەڕووبوونەوە.

سەرەرای دەوڵەتانی ناوچەش، بارودۆخی ناوخۆی دەوڵەتی کوردستانە کە هەڵوێستی ئەورووپا و ئەمریکا دیاری دەکات،

A- ئەگەر- وەک ئیحتیمال و گریمانە – شەڕ بکەوێتە نێوان ناسێونالیزمی کوردی و دەوڵەتی بەغداوە، بێ شک دەبێتە شەڕێکی خوێناوی و بە ملیۆنان کوردی تێدا بەشدار دەبێت، ئەودەم ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارێزەرانی ئاشتی – پاسداران صلح - ناتۆ، یەکیەتی ئەوروپا و ...هتد، بە زووترین کات دێنە کوردستانەوە،

A-١) یان ڕەوا بوونی دەوڵەتی کوردستان گرێ ئەدەن بە گشت پرسێکەوە – ریفراندۆم – تا بیروڕای گشتی ڕادەی ڕەوا بوونی دەوڵەتی کوردی دیاری بکات.

A-2) یان دەوڵەتی کوردستان بەرەسمییەت دەناسن.

کەوایە، ئەمرۆ تەنیا ڕێگای سەرکردایەتی کورد ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، ئەگینا ئەوان لە باتی ئەوەی وەک قارەمانانی نەتەوەیی چاویان لێ بکرێت، دوا ڕۆژ ئەبنە میوانی دادگەی نەتەوە و مێژوو.